گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# سەرهەڵدان و پێگەی ئاینزا و تایفەگەری لە عێراقدا

**ڤیان ابوبکر یاسین**
بەشی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان، فاکەڵتیی یاسا، زانستە سیاسییەکان و بەڕێوەبردن،
زانکۆی سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق.
viyan.abubakir@gmail.com

**د. شوکر أبو بكر عزيز**
بەشی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان، فاکەڵتیی یاسا، زانستە سیاسییەکان و بەڕێوەبردن،
زانکۆی سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق.
shokr.abobeker@soran.edu.iq

## پوختە

لەم توێژینەوەیەدا (سەرهەڵدان و پێگەی ئاینزا و تایفگەری لە عێراقدا) بە چڕی باس لە دۆخی سیاسی عێراق کراوە لەنێو ململانێ مەزهەبی و تایفیەکاندا و باس لە شێوازی بەڕێوەبردنی عێراق کراوە لەنێو ئەو کێشمە کێشمە و ململانێیانەی کەوا بەرۆکی وڵاتەکەی گرتووە لە دوو دەیەی ڕابردوو بەشێوەیەکی گشتی و لە ئەنجامدا توێژەر گەیشتە ئەوەی کەوا پرۆسەی سیاسی و دەوڵەتداری لە عێراقدا بەردەوام لەنێو ناکۆکی بەردەوامدایە و بوونی چەندین نەتەوەی جیاواز و چەندین مەزهەبی ئایینی جیاواز سەرچاوەی سەرەکی ئەو کێشانەن کەوا دووچاری ئەم وڵاتە بوونەتەوە و کاریگەری ئەو ململانێیانە لەسەر تەواوی جومگە جیاوازەکانی دەوڵەت دیارە.

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٣/٤/٢٥
پەسەندکردن:٢٠٢٣/٨/٢٧
بڵاو کردنەوە:زستان٢٠٢٤

**ووشە سەرەکییەکان**
*Iraq, Relegion Conflet, Sectarianism, Political Process, State*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.4.8

## 1.پێشەکی:

عێراق وەک یەکێک لە وڵاتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست کە بە هۆی هەبوونی ژمارەیەک لە نەتەوە و ئایین و مەزهەبی جیاواز لە سەرەتای دروست بوونیەوە، سەقانگیری بەخۆیەوە نەبینیوە و ئەمەش بووەتە هۆی دروست بوونی شەر و ناکۆکی لە نێوان نەتەوە و ئایین و مەزهەبە جیاوازەکان. لە لایەکی دیکەوە، دەستێوەردانی دەرەکی لە لایەن وڵاتانی دەوروبەر و زلهێزەکانی جیهان لە پێناو بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانی خۆیان، خاڵێکی دیکەی جەوهەرییە کە ململانێ و کێشمە کێشی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی لە نێو دەوڵەتی عێراقیدا بەرگێکی دیکەی سیاسی وەرگرتووە.
عێراق لە سەرەتای درووستبوونیەوە هەمیشە مەیدانی کێشمە کێشم و گرفتەکان بووە، شوێنی یەکلاکردنەوەی ململانێ سیاسی و نەتەوەییەکان بووە، بەدرێژایی تەمەنی دەوڵەتی عێراق سیمایەکی مەزهەبی و ئایینی بەسەر بووە، هەردوو مەزهەبی سەرەکی ئایینی ئیسلام لەنێو دەوڵەتی عێراقدا کە شیعە و سوننەن هەردەم ناکۆکی بەردەوامیان هەبووە و چەندان شەڕ و کوشتار و پێکدانیان لەنێو خاکەکەدا ئەنجامداوە، هەروەها بەشێکی زۆری ئەو لایەن و گروپە ئایینیانە پاشخانێکی سیاسیان هەبووە و بە بەرگێکی سیاسیەوە کارەکانی خۆیان لەژێر چەتری حزب و لایەنی سیاسی ئەنجامداوە، جگە لەوەی عێراق لانکەی چەندان نەتەوە و پێکهاتەی فرەچەشن و هەمەجۆرە کە چەندان نەتەوەی جیاوازی تێدایە و هەموو پێکەوە بەشدارن لە پرۆسە جیاوازەکانی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و ئەنجامدانی کاری پێکەوەیی و زۆرجار ناکۆکی و ڕای جیاواز تاوەکو ئەنجامدانی بەکارهێنانی هێزیان دژی یەکتر گرتۆتەبەر.
لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدەین باسی چۆنیەتی سەرهەڵدانی ئاینزا بکەین لە عێراقدا و ڕوونی بکەینەوە کەوا تاوەکو چ ڕادەیەک کاریگەری خستۆتەسەر عێراق و ململانێ سیاسیەکان لە عێراقدا و بە چ شێوازێک وڵاتەکەی بەسەر چەندین بەرەی جیاواز دابەش کردووە و ناکۆکیەکی قوڵی خستۆتە نێو کایەی سیاسی دەوڵەتەوە.

**گرنگی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە گرنگە بۆ تێگەیشتن لە شێوازی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق لەماوەی دوو دەیەی ڕابردوو، لە هەمان کاتدا تێگەیشتن لە پرۆسەی سیاسی عێراق و تێگەیشتن لە کاریگەری مەزهەبە ئایینیەکان لە یەکلاکردنەوەی بابەتە سیاسیەکانی دەوڵەت و زانینی ڕادەی کاریگەری جیاوازی نەتەوە جیاوازەکان و پێکهاتەکان لە پرۆسەی بەڕێوەبردن و کایەی سیاسی و حوکمڕانی عێراق، ئەم توێژینەوەیە گرنگە بۆ کتێبخانەی کوردی تاوەکو ببێتە ڕێچکەیەک بۆ توێژەرانی داهاتوو تاوەکو لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن و سوودی لێ وەربگرن.

**کێشەی توێژینەوە:**

عێراق هەردەم شوێنی ململانێی سیاسی و مەزهەبی جیاواز بووە، بۆیە کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوە دەرخستنی هۆکارەکانی ململانێکان وزانینی سەرچاوەی ململانێکانە، جگە لەوە دەستوەردانی دەرەکی و کاریگەریان لەسەر پرۆسە جیاوازەکانی عێراق و نەزانینی کاریگەری کەسایەتیە جیاوازەکانە لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا کە هەریەکێکیان بە ڕێژەی جیاواز پشکیان بەردەکەوێت، یەکێکی دیکە لە کێشەکانی ئەم توێژینەوەیە نەبوونی سەرچاوەی پێویستە بە زمانی کوردی لەسەر توێژینەوەکە.

**میتۆدی توێژینەوە:**

لەم اوێژینەوەیە توێژەر پشتی بە میتۆدی وەسفی شیکاری بەستوە بۆ مەبەستی شلۆڤەکردنی بابەتی توێژینەوەکە کە بابەتێکی مێژووییە و تێیدا کۆمەڵێک مژاری مێژوویی باس کردوە.

**گریمانەی توێژینەوە:**

پرۆسەی سیاسی عێراق بەشێوەیەکی نەرێنی بووە بەدرێژایی مێژوو.

عێراق لە سەرەتای دامەزراندنیەوە کاریگەری مەزهەبی لەسەر بووە.

مەزهەبەکان سیاسەتی عێراق بەڕێوەدەبەن و دایدەڕێژن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**پرسیاری توێژینەوە:**

ئایا دەوڵەت چییە وڕەهەندەکانی چین؟

ئایا پرۆسەی سیاسی لە عێراق بەشێوەیەکی گشتی لە مێژوودا چۆن بووە؟

ئایا مەزهەب چ کاریگەریەکی لەسەر پرۆسەی سیاسی عێراق و شێوازی حوکمڕانی هەبووە؟

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

دەتوانین ئامانجەکانی توێژینەوەکە لەم خاڵانەدا پوخت بکەینەوە:

- تێگەیشتن لە پرۆسەی سیاسی عێراق و ڕەهەندە سیاسیەکانی عێراق.
- تێگەیشتن لە چەمکی دەوڵەتی نوێ و مەزهەب و پێکهاتەکان.
- شیکردنەوەی چەمکی سیاسەت و تێگەیشتن لە جۆرەکانی حوکمڕانی.
- ڕوونکردنەوەی زاراوەی دەوڵەت لەلای فەیلەسوفە جیاوازەکان.
- ڕاڤەکردنی لێکەوتەکانی پرۆسەی سیاسی لە عێراق.
- زانینی پرۆسەی سیاسی لە عێراق لەدوای 2003 و کاریگەری مەزهەبەکان.

## (دەوڵەت – پێکهاتەکان – پرۆسەی سیاسی)

### ١.٢: دەوڵەتی نوێ:

ماکس ڤیبەر وا پێناسەی دەوڵەت دەکات کە بریتییە لە "کۆمەڵگەیەکی مرۆیی، کە بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە شەرعییەتی بەکارهێنانی هێز لە ناوچەیەکی دیاریکراودا بەدەست دێنێت." (Palonen, 2011) بە مانایەکی دیکە، کرۆکی دەوڵەت بریتییە لە "هێز و سەپاندن"، چونکە ئەوە ڕاستییەکە کەوا دەوڵەت کۆمەڵگە ناچار دەکات بە پابەندبوون لەو یاسایانەی خۆی دایڕشتووە، لە فەلسەفەی سیاسیدا دەوڵەت وەک بونیادێکی بنەڕەتی، گرنگییەکی زۆری پێ دراوە. (Warner, 1991) لە هەموو قۆناغەکاندا یەک لە پرسە هەرە سەرەکییەکانی فکر و فەلسەفەی سیاسی، تایبەت بووە بە دەوڵەت. ئەفلاتۆن لە کتێبی "کۆمار" و، ئەرستۆ لە کتێبی "سیاسەت"دا بابەتی سەرەکییان بریتی بووە لە دەوڵەت. بەو مانایەی کە تاک ناتوانێ بەبەردەوامی ململانێی دەوروبەری بکات، بۆیە پێویستیی بە پێکەوەژیانە. لێرەوە بیرۆکەی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی مرۆڤ بە مرۆڤ سەر هەڵدەدات و،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرەتاکانی پرسیارکردن لەسەر دەوڵەت دروست دەبێت، کەواتە بە شێوەیەکی گشتی، دەوڵەت گوزارشتە لە کۆمەڵەیەکی تەواوکار لە تاکەکان. تاک بە سروشتی خۆی تەواو نابێت و ژیانی مانایەکی نابێت ئەگەر بە ناسنامەیەک نەبەسترێتەوە؛ کە ئەو ناسنامەیە خۆی لە کۆمەڵگە و دەوڵەتدا دەبینێتەوە. کەواتە دەوڵەت لە کۆی تاکەکانی گەورەترە. دەوڵەت تاکەکانی لە چوارچێوەی کیانێکی ڕێکخراودا کۆ دەکاتەوە؛ بۆیە تاک بە بونیادی دەوڵەت دادەنرێت. بەڵام هەر لەگەڵ دەرکەوتنی تاک لە کیانی دەوڵەتدا، سروشتی تاکیی خۆی لەدەست دەدات و دەبێتە بەشێک لەم جەستە گەورەیە، لەم چوارچێوەیەدا دەوڵەت بەر لە هەر شتێک بریتییە لە جووڵەیەکی سۆسیۆلۆژی؛ کۆمەڵگەکان لە پێناو گرەنتیکردنی مانەوەیان و زاڵبوونیان بەسەر هاوشێوەکانیان، دروستی دەکەن. دەوڵەت لە ڕوانگەی فەیلەسووفی ئەڵمانی، "هیگڵ"، سروشتێکی بیرۆکراتیی هەیە، بەڵام مارکس وای دەبینێت کە دەوڵەت بریتی بێت لە باڵادەستبوونی چینێک بەسەر کۆی چینەکانی دیکەی کۆمەڵگە (مقلد، ١٩٨٤، ص ١٢٥).

دەوڵەت چەند تایبەتمەندییەکی هەیە کە لە دامەزراوەکانی دیکەی جیای دەکاتەوە: ( قانصو،٢٠١٨، ص ١٤).

1 . **سەروەری:** دەوڵەت خاوەنی باڵاترین هێزە لە کۆمەڵگەدا، کە کۆمەڵگە ناتوانێ سنووری بۆ دابنێت. بەو پێیە بێت، دەوڵەت وەک هێز دەکەوێتە سەرووی هەموو ئەو ڕێکخستن و کۆمەڵانەی لە دەوڵەتدا بوونیان هەیە. هەر ئەمەیە وای لە تۆماس هۆبز کردووە بە دەوڵەت بڵێ "ئەژدیها"

2 . **سروشتی گشتیبوونی دامەزراوەکانی دەوڵەت:** جیاواز لە دامەزراوە تایبەتییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، دەزگەکانی دەوڵەت بەرپرسن لە داڕشتنی بڕیارە گشتییەکان و جێبەجێکردنیان لە کۆمەڵگە؛ بۆیە ئەم دەزگەیانە هێزی خۆیان لە هاووڵاتییەوە وەردەگرن.

3 . **ڕەوایەتی:** هەمیشە وا سەیری بڕیارەکانی دەوڵەت ناکرێ کە بەزۆر بەسەر کۆمەڵگەدا سەپێندرابن، بەڵام وەها لێی دەڕوانرێت کە باشترین بڕیار بن بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی گشتیی کۆمەڵگە؛ لەو خاڵەوە بابەتی ڕەوایەتیی دەوڵەت سەرچاوە دەگرێت.

4 ، **دەوڵەت وەک ئامرازێک بۆ کۆنترۆڵکردن:** دەوڵەت ئەوەندە هێزەی کە پێویستییەتی لەبەردەستە، بۆ ئەوەی گرەنتیی سەپاندنی یاساکانی بکات و سەرپێچیکەرانی پێ سزا بدات. ماکس ڤیبەر بەو سروشتەی دەوڵەت دەڵێت "توندوتیژییەکی ڕەوا" لە کۆمەڵگە.

**5. جوگرافیایەکی دیاریکراو بۆ دەوڵەت:** دەوڵەت لە چوارچێوەی سنوورێکی دیاریکراودا دسەڵاتەکانی جێبەجێ دەکات. بۆیە هێزی دەوڵەت لەوەدا دەردەکەوێت کە توانای دابینکردنی ئاسایشی هەبێت و کۆی ناوچە جوگرافییەکانی ژێردەستی کۆنترۆڵ کردبێت.

**٢.٢: پێکهاتەکان: جۆر و سروشت و تایبەتمەندی**

پێکهاتەکان بریتین لە گروپێک یاخود کۆمەڵە کەسێک کە لەسەر بنەمای کۆمەڵێک سیفەتی هاوبەشی وەکو (نەریت، بنەچە، زمان، مێژوو، کۆمەڵگە، ئایین، نەتەوە، ڕەفتاری کۆمەڵایەتی، زمان) لە ناوچەیەکی دیاریکراو پێکەوە دەژین، پێکهاتەکان دەکرێت ڕەگێکی مێژوویيان پێکەوە هەبوو بێت لەخاک ونیشتیمان و ناوچەی نیشتەجێبوون یانیش ئایین وشێوازی جلوبەرگ و نەریتەکانیان وەکو یەک بوو بێت و لە یەک ناوچەدا پێکەوە بژین و ڕێز لە بنەماکانی یەکتربگرن (Kanchan,2012, p.69). فرەچەشنی و جۆراوجۆریەتی پێکهاتەکان یەکێکە لەو جۆرە ئاڵۆزییە کۆمەڵایەتییەی کە لە زۆربەی کۆمەڵگە هاوچەرخەکاندا دەبینرێت. لە ڕووی مێژووییەوە دەتوانین بڵێین جۆراوجۆریەتی پێکهاتەکان میراتی ئەو داگیرکاریانەی ڕابردووە کە گەلانی جۆراوجۆری خستۆتە ژێر دەسەڵاتی گروپ و کۆمەڵەیەکی باڵادەست کە وایکردووە ببێتە هۆی کەمبوونەوەی گروپی ژێردەستە و بەهۆی ئەوەی ئەوان کۆچیان کردووە یان دەرکراون لە زێدی ڕەسەنی خۆیان بەرەو لەناوچوون یاخود کەمبوونەوە چوونە و لەو شوێنانەی ئێستا لێی دەژین وەکو کەمینەیەک سەیربکرێن لە بەرامبەر ئەو گروپانەی لەگەڵیان دەژین و زۆرینە پێکدەهێنن، تا سەدەی بیستەم هەمەجۆریی پێکهاتەکان هیچ کێشەیەکی گەورەی بۆ ئیمپراتۆریەتەکان دروست نەدەکربوو، ئامانجی سەرەکییان یەکێتیەکی سیاسیی بوو بەبێ پاراستنی مافی کەمینەکان، لە زۆر ڕووداودا دەوڵەتەکان هەوڵیان داوە کێشەی فرەچەشنی پێکهاتەکان بە نەهێشتن یان دەرکردنی پێکهاتەکان چارەسەر بکەن- نموونەی بەرچاو سیاسەتی نازییەکانە لە دژی جولەکەکان لە سەردەمی جیهاندا جەنگی دووەم، دەرکردنی مۆر و جولەکەکان لە ئیسپانیا سەدەی پازدەهەم، یان دەرکردنی عەرەب و هیندییەکانی ڕۆژهەڵات لە چەند وڵاتێکی تازە سەربەخۆی ئەفریقا لە ساڵانی شەست و حەفتاکان (Ronald, 1978, p.383).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٣.٢: پرۆسەی سیاسی:**

**پێناسە:**

پرۆسە بریتیە لە زنجیرەیەک یان کۆمەڵێک چالاکیی کە کارلێک دەکەن بۆ بەرهەمهێنانی ئەنجامێک؛ لەوانەیە تەنها جارێک ڕوودات یان دووبارە بێتەوە یان وەرزی بێت. (Leftwitch, 2015)

پرۆسە بریتیە لەو کارلێک و چالاکییانەی کە لەناو دامەزراوەکان وەکو، یاسادانان، هەڵبژاردن، گۆڕانی دەسەڵات، بەشداری سیاسی، دەنگدان، ململانێ، بەرهەڵستکاری ڕوودەدات.( Hague, Rod; Harrop, Martin2013)

یۆهان کاسپار بلانچلی لە کتێبی (تیۆری دەوڵەتدا) دەڵێت سیاسەت زانستی چاودێریکردنی کاروباری دەوڵەتە بۆ خەباتکردن و تێگەیشتن لە دەوڵەت و بارودۆخەکان بەشێوە یان دەرکەوتەی جۆراوجۆری گەشەسەندن. (Brady, 2017)

ڕۆجەر ئێف سۆڵتاو لە کتێبەکەیدا (ناساندنی سیاسەت) دەڵێت زانستی سیاسی لێکۆڵینەوە دەکات لە وڵات و ئامانجەکانی دەوڵەت و ئەو دامەزراوانەی کە ئەو مەبەستە جێبەجێ دەکەن و پەیوەندی نێوان دەوڵەت و هاوڵاتیانی و هەروەها پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی دیکە. (Tylor, 2017)

هارۆڵد دی لاسویڵ و ئەی کاپلان لە کتێبی (کۆمەڵگەی دەسەڵات) دەڵێن زانستی سیاسی بۆ لێکۆڵینەوەیە لە پێکهاتن و دابەشکردنی دەسەڵات. (Brady, 2017)

ماکس ڤیبەر سیاسەتی بە دەسەڵات ناساندووە و دەڵێت بریتییە لە 'ئەگەری ئەوەی کە کەسێک لەناو پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتیدا لە دۆخێکدا بێت کە سەرەڕای دژایەتی کردنی ئەو سوور بێت لە جێبەجێکردنی ویستی خۆی بەبێ گوێدانە ئەوانی دیکە (Roberts and Hogwood,1997, p.74) .

سیاسەت وەک زانستێک مامەڵە لەگەڵ ئەو کۆمەڵە بناغەیە دەکات کە سیستەمی سیاسیی دەسەڵاتدار لەسەری بنیات نراوە، سیاسەت و گۆڕانکاریە سیاسیەکان لەسەر ژیانی هەموو مرۆڤایەتی کاریگەری دادەنێت چونکە هەندیکجار بڕیارێکی نادرووستی سیاسی دەبێتە هۆی بەرپابوونی شەڕ و پێکدادان یاخود شۆڕش و کۆدەتا کە ئەمانەش هەموو بەستێنە بە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتوری و ئایینی و فیکریەکان تووشی وەچەرخان دەکات (Linda, 2017, p.48).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ٣. ڕەوشی مەزهەب و مەزهەبگەرایی لە عێراق

### ١.٣: مەزهەبی سوننە:

مەزهەبی سوننە یان ئەهلی سوننە و جەماعەت، یان بیروباوەڕی سوننە، بە عەرەبی أهل السنة والجماعة گەورەترین تائیفەی ئیسلامە،سەرچاوەکانی شەریعەتی سوننە بریتییەلە قورئان و سوننەتی پێغەمبەر ئیسلام محەمەد وەرئەگرن، و لە فەرمووودەکانیەوە سوننەتەکانی وەرئەگیرێت، هەروەها فیقهـ (زانستی ئایینی) لە چوار پێشەواکەی سوننە وەرئەگرن، و بڕیار ئەدەن بە ڕاستی خەلافەتی هەر چوار خەلیفەکەی ڕاشدین، و بە دادپەروەری هەر یەکێک لە هاوەڵەکان. هەندێک لەو باوەڕەدان کە یەکەم هەڵوێست ئاڕاستەی سوننەی دیاری کرد هەڵبژاردنی ئەبووبەکر بوو بە خەلیفەی موسڵمانان، هەروەها باوەڕیان بە لە پێشی ئەبوبەکر هەیە پاشان هەر سێ خەلیفەکەی تر بە دواییدا بەپێی ڕیزبەندییەکەیان، عومەری کوڕی خەتاب پاشان عوسمانی کوڕی عەفان پاشان عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب، بیروباوەڕیان پێکهاتووە لە قورئان و سوونەت, سوننە پشتی ئەم ڕایە دەگرن، لە کاتێکدا شیعە هەڵبژاردنی ئەبووبەکر بە خەلیفە بە پێچەوانەی ڕاسپاردەکانی پێغەمبەر محەمەد ئەزانن، و بەپێی رای ئەوان پێشەوایەتی موسڵمانان بۆ عەلی کوڕی ئەبووتالیب و نەوەکانی ئەوە. (الدوي، ١٩٩٦)

ئەتوانین بڵێین سوونە تائیفەیەکی سەربەخۆ بوون لە خەلافەتی عەلی کوڕی ئەبووتالیبدا لە خەواریجەکان، و لەو دەستانەی لە دوای ڕێکەوتنی حەسەنی کوڕی عەلی لەگەڵ معاویە کوڕی ئەبووسوفیان دروستبوون، سوننە خۆیان نەختە ئەو جیاوازیانەی لە نێوانیاندا هەبوو، لەوانە ئیبن عومەر و ئەنەسی کوڕی مالیک، بەڵام جیابوونەوەی تەواوەتی هێشتا دەرنەکەوت لە نێوان سوونە و شیعەدا، بەڵکو ئەو جیابوونەوەیە وردە وردە جوڵا، هێزی ئەو جوڵەیە لە کاتی دەوڵەتی ئەمەوییدا زیادی کرد، کاتێک هاوەڵەکان و زاناکان چالاک بوون وەک ئەبوهورەیرە و حەسانی کوڕی سابت و ئەنەسی کوڕی مالیک و عەبدوڵلای کوڕی عومەر و زاناکانی مەدینە، وگێڕانەوەی فەرموودەکان گەیشتە قۆناغی نوسینەوە، و عومەری کوڕی عەبدول عەزیز پاڵپشت زانا سوننەکانی مەدینەی ئەکرد و لەکۆتاییەکانی سەردەمی ئەمەوی وسەرەتای عەبباسیدا پێشەوا ئەبوحەنیفە دەرکەوت و ئیمام مالیک ئەیخوێند، کۆکردنەوەی فەرمووودە لە سەرەتاکانی دەوڵەتی عەبباسیدا بوو، کە هەر لەم سەردەمەدا چوار خوێندنگەکەی سوننە

تایبەتمەندیان وەرگرت و عەباسییەکان دواتر پشتیان پێ ئەبەستن بە شێوەیەکی فەرمی، عەبباسیەکان سوونە بوون لەبەر پشت بەستنیان بە چوار خوێندنگەکەی سوننە و شیعە بوون لەبەر ئەوەی بانگەوازیان بۆ ئالبێتی پێغەمبەر ئەکرد بەپێی تێگەیشتنی سەردەمەکەیان، ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێت، کە جیاکەرەوەی ڕوون بەڵام ناتەواو دەرکەوتووە لە نێوان سوننە و شیعەدا لە سەردەمی عەبباسیدا (John, 2014).

**٢.٣: مەزهەبی شیعە:**

شیعە بە دووەم تائیفەی گەورەی موسڵمانان دەگوترێت کە عەلی کوڕی ئەبووتاڵیب و نەوەکانی لە فاتیمەی هاوسەری و کچی محەممەد بە پێشەوا دادەنێن و مل کەچی بۆیان بە پێویست دەزانن، بەپێی دەقی ئاسمانی و بە مەرجەعی سەرەکیی موسڵمانانیان دادەنێن لە دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر، ناوی پێشەوا یان ئیمامیان پێ دەڵێن و شوێنکەوتنیان بە پێویست دادەنێن بەپێی فەرموودەیەکی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) کە لە چەند کتێبێکی هەندێک لە تائیفە ئیسلامییەکاندا هاتووە. (السبحاني، ٢٠٠٨: ص٢٠)

شیعە لە بنەڕەتدا لە زمانی عەرەبیدا بە واتای شوێن کەوتن دێت، و لە مێژووی ئیسلامیدا، زاراوەی شیعە بۆ زۆر لە بزووتنەوە ئیسلامییەکان بەکارهاتووە وەک شیعەی عوسمان و شیعەی معاویە و ئەوانی تر، بەڵام وشەی شیعە بە تەنها بە کاردێت بۆ شوێنکەوتووەکانی عەلی، و شیعە لەو بڕوایەدان کەوا ناونانە لە فەرموودەیەکی پێغەمبەردا هاتووە لە وەڵامی پرسیارێکی عەلیدا؛ کێ باشترین کەسی سەر زەوییە؟، وەڵامی ئەداتەوە؛ «أنت وشيعتك»، واتە؛ تۆ و شوێنکەوتووەکانت. لەبەرەوە شیعە لەو بڕوایەدان کە شیعە لە دوای وەفاتی پێغەمبەر دەرنەکەوتووە بەڵکو شیعە خۆی ئیسلامی ڕاستەقینەیە، و ئەم فەرموودەیە بە گێڕانەوەی جیاواز لە هەندێک لە کتێبەکانی شیعە و مەزهەبەکانی تردا هاتووە. (Olawuyi, 2012: p2)

شیعە لەو بروایەدان کە ئەوان خودی ئیسلامن، و وایدانانێن ئەو مەزهەبە دوای ئیسلام دەرکەوتبێت بەڵکو بە خودی ئیسلامی دادەنێن، و لەو باوەڕەدان کە موسڵمانی لە خواترس دەبێت شوێنکەوتوو و ملکەچی عەلی کوڕی ئەبوتالیب بێت، لەبەر ئەوە شوێنکەوتن بە یەکێک لە پایەکانی ئیسلام دادەنێن و پێغەمبەر لە ماوەی ژیانیدا بنەڕەتەکەی داناوە و پێش وەفاتکردنی لە ڕۆژی غەدیری خەم ویلایەتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

عەلی ڕاگەیاندووە لە دوای خۆی بە پێی بیروباوەڕی شیعە، هەروەها تائیفە ئیسلامییەکانی تر بە دروستکراو دادەنێن و ئەڵێن لە لایەن فەرمانڕەوا و سوڵتانەکانەوە دانراوە و بۆ دوورخستنەوەی ئیسلام لەوەی پێغەمبەر محەممەد ویستوویەتی (Esposito, 2002, p.40).

هەندێک وای دادەنێن کە ئەمە بەرەو پێشچوو لە سەردەمی خەلیفە عوسمانی کوڕی عەفاندا، کە هەندێک لەو سیاسەتانەی کارگێڕەکانی لە شام و میسر پێی هەڵدەسان بوو بە هۆی تووڕەکردنی خەڵک و شۆڕشیان ڕاگەیاند لەگەڵ ئەوەی عەلی خۆی ویستی ڕێگەیان لێبگرێت، بەڵام لە کۆتاییدا عوسمان کوژرا، و پاشان موسڵمانان کۆبوونەوە لە دەوری عەلی و داوایان لێکرد خەلافەت بگرێتە دەست. لێرەدا جارێکی تر بیرۆکەی هاوسۆزبوونێکی نوێ دەستی پێکرد و عەلی کرا بە حاکمی فەرمیی موسڵمانان لەلایەن زۆرینەی خەڵکەوە. (السبحاني، ٢٠٠٨، ص٤٩)

لە سەرەتاوە ناکۆکی دەستی پێکرد لەگەڵ هاوەڵەکانی وەک معاویە و تەڵحە و زوبێر، و زاراوەی شیعەی عەلی دەرکەوت کە بە هاوەڵەکانی عەلی دەوترا کە پاڵپشتیان لێدەکرد لە بەرامبەردا کۆمەڵێکی تر دروست بوون و ناوی خۆیان نا شیعەی عوسمان و داوای هەقی خوێنی عوسمانیان دەکرد و گەیشتە ئاستێک کە خەلافەتی عەلیان ڕەت دەکردەوە لەبەرەوەی خاو بوو لە بەدەنگەوەچوونی داواکەیان بۆ تۆڵە سەندنی عوسمان، لە سەرەوەی شیعەکانی عوسماندا معاویە کوڕی ئەبووسوفیان بوو لەلایەک و عائیشەی خێزانی پێغەمبەر بوو لە لایەکی تر و پاشان ڕووداوەکانی وەک شەری جەمەل و شەری سەفین لە نێوان لایەنگرانی عەلی و لایەنگرانی هەقی عوسماندا کەوتەوە هەروەها کۆمەڵە نوێیەکانی وەک خەواریج دەرکەوتن، و عەلی کوڕی ئەبووتالیب لەسەر دەستی یەکێک لە خەواریجەکان کوژرا لە کاتی نوێژی بەیانیدا لە کووفە (Olawuyi, 2012, p.3).

### ٣.٣: سرووشی سیاسی مەزهەبەکانی عێراق دوای ٢٠٠٣ و ململانێی مەزهەبەکان:

ململانێی تایفیی و شەڕی مەزهەبیی لەنێوان سوننە و شیعە لەم وڵاتەدا، مێژوویەکی دوورو درێژو خوێناویی هەیە، ئەوەی لەپاش ساڵی (2003)وە دەگوزەرێت، بە ئێستاشەوە، ڕەنگدانەوەی قۆناغە مێژوویەکانی پێشووە، کە بە هێزەوە و بەپێی گۆڕانکارییە مێژووییەکان ئەو جۆرە لە بەریەککەوتنی مەزهەبیی بەشێوەی جیا جیا لەم قۆناغەدا بەرجەستە دەکرێت، بەمشێوەیەش سەری کێشاوە بۆ سڕینەوە و پاکتاوکردنی یەکتریی، هەر جارەو لەچوارچێوەیەکدا و لەرێگەی فاکتەری ئایینیی و

بەرگریکردن لە شوناسی مەزهەبیی دەستەویەخە بێئامان بەربوونەتە گیانی یەکتریی. مێژووی توندوتیژیی مەزهەبیی و شەڕی ناوخۆیی سوننە و شیعە لەعێراقدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی خیلافەتی عەبباسیی 750-1258، بەدیاریکراوی لە سەردەمی (هارون ئەلڕەشید)دا، پاشتر لە قۆناغی حوکمڕانیی بوەیهییەکاندا ئەم شەڕە مەزهەبییەی نێوان سوننە و شیعە تینوتاوی سەند. (عبدالله، ١٩٦٦)

لە مێژووی هاوچەرخی عێراقدا، بەو پێیەی جڵەوی حوکمڕانیی لەم وڵاتەدا کەوتە دەست سوننە، ڕۆڵگێڕانی شیعەکان لەناو بازنەی سیاسییدا کاڵکرایەوە و دەرفەتێکی وەها نەدرا بەپێی سەنگ و ڕێژەی تەواوی خۆیانەوە بێنە مەیدان، هەرچەندە ململانێی مەزهەبیی لە قۆناغی پاشایەتییدا کەمتر بەدیی دەکرێت. ئەم جۆرە لە پەراوێزخستن و وەلانانی شیعەکان لە لوتکەی دەسەڵاتی سیاسییدا درێژەی کێشا، لە قۆناغی هاتنە سەرکاری بەعسییەکانیشەوە، بەدیاریکراویی، لەقۆناغی حوکمڕانیی سەددام حوسێندا، پاکتاوکردن و سڕینەوەی شیعەکان پێی نایە توندترین قۆناغەوە، کە بە هەموو شێوەیەك نارەزاییەتییەکانیان سەرکوت دەکرا و دەرفەتێك بۆ هەناسەدانیان نەهێڵرایەوە، هۆکاری سەرەکیی ئەمجۆرە تێفکرینە بەرامبەر بە شیعە و شیعەگەرایی دەگەڕێتەوە بۆ بەرگرتن لە هێز و هەرەکەتی ئەوان، کە زۆرترین ڕێژەی دانیشتوانی عێراق پێکدێنن، چونکە دەسەڵاتە جۆراوجۆرەکان، بەتایبەت لە سەردەمی سەددامدا، کە مۆرکی سوننەگەریی پتر بەسەریدا زاڵبووە هەمیشە بەو چاویلکەوە لە شیعەیان ڕوانیوە، کە درێژکراوەی هەمان ئەندێشەی سیاسیی ڕۆحانیانی شیعە مەزهەبی ئێرانن، بەتایبەت ئایەتوڵڵا خومەینی، کە بەتەواوی توانایەوە کاری بۆ پراکتیزەکردنی بیری سیاسیی شیعەگەرایی دەکرد، ئەمەش بەتەواویی لە شۆڕشی گەلانی ئێرانیدا ڕەنگیداوەتەوە، کە پاشتر باڵی ڕۆحانیی بەرێبەرایەتیی خومەینیی توانییان جڵەوی دەسەڵاتی سیاسیی بگرنەدەست و کار بۆ ئاودیوکردنی ئەوجۆرە ئەندێشە ئیسلامییە مەزهەبییە بکەن بۆ جیهانی عەرەبیی و ئیسلامیی، بۆیەشە ئایدیای شۆڕشگێڕیی شیعەگەرا ختوکەی هەستی ستەملێکراویی شیعەی عێراقی دا، کە خۆی لە هەڵایسانی چەندین ڕاپەڕین و دروستبوونی چەندین ڕێکخراوی چەکداریی بەرهەڵستکاریی شیعەدا دەبینێتەوە. (Karsh, 2002)

بەدیاریکراویی، ڕژێمەکەی سەدام حوسێن، جیا لە ڕژێمەکانی تر بەتەنها بە سیاسەتی تایفەگەریی نەوەستا بەڵکو کەوتە هەوڵ لەپێناو دروستکردنی لێکجیایی و شەڕەقۆچی مەزهەبیی لەنێوان سوننە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و شیعەدا، هەروەها لەوساوە، کە لە حیزبی بەعس جڵەوی دەسەڵاتی لەعێراقدا گرتەدەست، لەهەوڵدا بوو بۆ وروژاندنی رقوکینە بەرامبەر بە شیعەکان، بەتایبەت لەناوەندە سوننەگەراکاندا، ئەم هەوڵەش رۆژ لەدوای رۆژ لەناو ئەو ناوەندانەدا دەڵبتر دەبوو، بەتایبەت لەقۆناغی جەنگی عێراق ئێراندا ئەم هەستە مەزهەبییە دژ بە شیعەکان پەرەی سەند، لەناو خێڵە سوننەکانیشدا ترس لە شیعە دروستکرا. وەختێکیش راپەڕینی شەعبانیە لە ساڵی 1991 قەوما، رژێم بە ئاشکرا و بەشێوەیەکی بەرفراوان لەناو ناوچە سوننەکاندا هەستی ترسان و تۆقاندنی ئەوانی بەرامبەر بە شیعە دروستکرد، راپەڕینەکەی بەو شێوەیە وێناکرد، کە لە بنچینەدا راپەڕینێکی شیعەگەراییە و دەیانەوێت کوشتوبڕی سوننەکان و کەسایەتییەکانیان بکەن، بەم هۆیەشەوە برێك لە خێڵە سوننەکان کەوتنە داوی رژێمەوە و دژ بە شیعەکان دەستیاندایە چەك، لە سەروبەندی راپەڕینەکەدا رژێمی بەعس دروشمی (لا شیعە بعد الیوم)ی بەرزکردەوە و بەدیوارەکانی شاری نەجەف و کەربەلا و بەسرەوە هەڵواسرا. ئەم هەڵمەتە بەشێوەیەك پەرەی سەند تەنانەت سەدام حوسێن خۆی زنجیرەیەك بابەتی لە رۆژنامەی "شۆڕش"دا دژ بە شیعە و بیروباوەڕیان بڵاوکردەوە، تەنانەت تانەی لە تۆرەمەی "أهل الاهوار" دەدا، کە ئەوانە عەرەب نین و بنەچەیان هیندییە وەك هەوڵێك بۆ کۆچڕەو پێکردنیان (الحیدري، ١٩٩٨، ص٥٥-٥٦).

لەمانەش بترازێت، کێبڕکێی نێوان زۆرینەی شیعە و کەمینەی سوننە لەعێراق بووە میحوەری کێشمەکێشی سیاسیی لەدەوڵەتدا لەکەوتنی رژێمەکەی سەدامەوە لە ساڵی 2003. هەروەها پشێوییە تایفییەکانی پاشتر بوونە بەربەست و قۆرت لەبەردەم پرۆسەی بنیاتنانی دەوڵەت سەقامگیریی و هێوریی وڵاتی تێکدا. هەرچی حکومەتی عێراقە هیچ هەوڵێکی بەرچاوی نەداوە بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم دابەشبوونەدا و بنیاتنانی شوناسێکی نیشتیمانیی هاوبەش، ئەو رێوشوێنانەشی گرتوویەتیەبەر، دەوڵەتی بەرەو پەرتەوازەیی پتر بردووە. لەلایەکی ترەوە، لە رووی مێژووییەوە، ناکۆکییەکان پتر لەبارەی پرسە سیاسیی، لاهوتیی و عەقایدییەکان بوون، کە سوننە و شیعەی دابەشکردبوو، بەڵام ئێستا ناکۆکییەکان لەسەر دەسەڵات، سەرچاوەو پێگە، پاڵنەرن لەپشت رووخسار و دەرکەوتنە نوێکانیەوە، بەرە بەرەش بیرۆکەی نوێنەرایەتیکرنی تایفیی باڵی بەسەر پەیوەندییە سیاسییەکاندا کێشاوە، لەبری بیرۆکەی نوێنەرایەتیکردنی هاوڵاتیان، ئەمەش پانتایی ناکۆکییەکانی پتر کردووە. لەلایەکی ترەوە، ململانێ تایفییەکان هاوکاتبوو لەگەڵ جەمسەرگیریی گشتگیر. (Karsh, 2002)

## ٤. پرۆسەی سیاسی لە عێراق دوای ٢٠٠٣

### ١.٤: بونیاتی پرۆسەی سیاسی لە عێراق پێش ٢٠٠٣

سەربەخۆ بوونی مەلیکایەتی (سیستەمی پاشایەتی) لە عێراق لە ساڵی ١٩٣٢ دانی بەرەسمی پێدانرا، لە ساڵی ١٩٣٣ مەلیک فەیسەڵی یەک مردو کوڕەکەی مەلیک غازی هاتە جێگای ئەو، کێشەیەکی گەورەی هەبوو لەگەڵ کوتلە ئاینییەکان و کەمەنەتەوەیەکان. غازی لە کارەساتێکی سەیارە دا لە ساڵی ١٩٣٩ گیانی لە دەست دا. کە فەیسەڵی دوو منداڵبوو بۆیە ئامۆزایەکی خۆی، ئەمیر ئەبدوڵلا دانا بە مەلیک نوری سەئید کە هاورێیەکی مەلیک فەیسەڵ بوو دەسەڵاتی وەزیرایەتی تەواوی لە دەست دا بوو لە سەردەمی مەلیکایەتیدا عێراق یەکێک بوو لە دامەزرێنەرەکانی نەتەوەیەگرتووەکانی عەرەب لە ساڵی١٩٤٥ و هەمان ساڵ بوو بە ئەندام لە وڵاتە یەگرتووەکان. عێراق دژی پلانی دابەشکردنی فەڵەستین بوو لە وڵاتە یەکگرتووەکان و بەشداری بەهێزی چەکداری شەڕی عەرەب و ئیسرائیل کرد لە ساڵی ١٩٤٨. بەرهەم هێنانی نەوت زیادی کرد و بۆڕی نەوت بۆ لوبنان و سوریا دروست کران لە نێوان ساڵەکانی ١٩٤٩بۆ١٩٥٢، ئەوەش بۆ هۆی پەرەسەندنی ئابووری وڵاتەکە. ئەو هێزانەی کە دژی ڕژێم بوون زۆر بەخێرایی لە زیاد بوون دا بوون، بەهۆی ناڕەزای دژی ڕژێم و بەرازی نەبونی هاوبەشیکردنی ڕژێم لە پەیمان نامەی بەغدا لە ساڵی ١٩٥٥. هەروەها لە بەر ئەوەی ڕژێمی نوری کەوتبۆ پارە خواردن و بەرتیل خواردن و خەڵکی سیاسی دژ بە ئەو ئازارو ئەشکەنجە دەدران. لە ساڵی١٩٥٨کودەتایەک دژی مەلیکایەتی فەیسەڵی دوو نوری سەحید بەرپا بوو کە ناوی بە شۆڕشی ١٤ی ئەیلوول دانرا. لە کودە تایەکەدا مەلیک فەیسەڵی دوو، و ئەمیر ئەبدوڵلا کوژران و نوری سەئید لە ڕێگای هەڵاتن دا کوژرا. (Eppel, 1998)

ئابووری عێراق دوای جەنگی جیهانی دووەم کەوتە پاشەکشە و پاشان داڕوخان؛ هەڵاوسان کۆنترۆڵ نەکرا و ئاستی ژیانی عێراق دابەزی، لە کاتی جەنگی جیهانی دووەمدا، ئینگلیزەکان عێراقیان داگیرکردەوە و لە ساڵی ١٩٤٧دا، لە ڕێگەی پەیماننامەی ئینگلیز و عێراقی ساڵی ١٩٤٨ (بە پەیمانی پۆرتسمۆسیش ناسراوە) لە ١٥ی کانوونی دووەم، ساڵح جابر دانوستانی کرد بۆ کشانەوەی بەریتانیا لە عێراق، ئەم ڕێککەوتنە دەستەیەکی بەرگری هاوبەشی بەریتانیا و عێراقی لەخۆگرتبوو بۆ سەرپەرشتیکردنی پلانی سەربازیی عێراق و ئینگلیزەکان بەردەوام بوون لە کۆنترۆڵکردنی کاروباری دەرەوەی عێراق، لە ساڵی 1955 عێراق لەگەڵ ئێران و پاکستان و تورکیا کەوتە نێو پەیمانی بەغداوە.

ئەو پەیماننامەیە ڕێککەوتنێکی بەرگری بوو لە نێوان چوار نەتەوەکەدا و لەلایەن بەریتانیا و ئەمریکاوە وەک ستراتیژی دژە کۆمۆنیستی جەنگی سارد پشتڕاستکرایەوە، بەڵام بەگشتی لەلایەن عێراقییەکانەوە نارەزایی زۆری لێکەوتەوە، ئامانجی سەرەکی کودەتاکە ڕزگارکردنی عێراق بوو لە پەیوەندییە ئیمپراتۆرییەکانی لەگەڵ ئینگلیز و ئەمریکا. زلهێزەکانی ڕۆژئاوا زاڵ بوون بەسەر هەموو سێکتەرەکانی حوکمڕانی عێراق: سیاسەتی نەتەوەیی و چاکسازی، سیاسەتی ناوچەیی لەگەڵ دراوسێ عەرەبی و ناعەرەبییەکانی و سیاسەتی ئابووری، فەڕەنسا چەکی بە سەددام فرۆشت، فەڕەنسا بووە گەورەترین هاوکاری دابینکردنی چەک لەسەردەمی حوکمڕانی سەددام. ئەو بەڵگەنامانەی کە سەددام هەڕەشەی پێدەکردن دەری دەخت کە چۆن جاک شیراک و بازرگانە نزیکەکان لەو لە ناویاندا چارلز پاسکوا، کە وەزیری پێشووی ناوخۆی فەڕەنسا چەندە لەو مامەڵانە لەگەڵ سەددام سودمەند بوون. (Hunt, 2005)

لەبەر ئەوەی سەددام بەدەگمەن گەشتی دەکرد، ئەوا تارق عەزیز بووە پاڵپشتێکی سەددام و ئەو بەردەوام گەشتی دەکرد و چەندین جار وەک نوێنەری دیپلۆماتی سەددام لە دیدارەکان دەرکەوت. لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان سەدام بەدوای ئەوەدا وێڵ بوو کە عێراق ڕۆڵی سەرەکی هەبێت لە ناو ڕۆژهەڵاتی ناوین. لە ساڵی ١٩٧٢، عێراق لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت ڕێککەوتنێکی هاریکارییان ئەنجامدا کە تێیدا هێزی سەربازی و هەزاران ڕاوێژکاریش بەم هۆیەوە هاتنە عێراق. بەڵام، دواتر لە ساڵی ١٩٧٨ بەهۆی ناکۆکییەکان لەسەر حیزبی شیوعی عێراق، سەددام ئاراستەی بازرگانییەکانی بەرەو وڵاتانی ڕۆژاوا جوڵاند و پەیوەندییەکانیشی لەگەڵ سۆڤیەت هەڵپەسارد؛ عێراق تا ساڵی ١٩٩١ لە شەڕی کەنداو پەیوەندییە دیپلۆماتییەکان و بازرگانییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژاوا بەردەوام بوو.

هەر لە بیستەکانی سەدەدەمی بیستەم، کوردەکانی عێراق هەوڵی جوداخوازیان لە عێراقدا دەدا، هەربۆیە حکوومەتەکانی عێراق دەبوو لەگەڵ کوردەکان دانووستاندن بکەن. سەددام لە ساڵی ١٩٧٠، لەگەڵ کورد ڕێککەوت و ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری واژووکرد کە مافی ئۆتۆنۆمی بە کورد بەخشی، بەڵام دواتر ڕێککەوتنامەکەی هەڵوەشاندەوە. لە ئەنجامدا پێکدادنی قورس کەوتە نێوان عێراق و کوردەکان. سەددام گوندە کوردییەکانی بۆمباران دەکرد بەوانەی ئێرانیشەوە. ئەمەش وایکرد کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران تێکبچێت، دواتر سەددام لە ساڵی ١٩٧٥ لەگەڵ شای ئێران ڕێککەوت و ئەوانیش لە پشتگیریکردنی کورد وەستاند، لە حەفتاکانیش ناکۆکی هەبوو لەنێوان سەددام و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خومەینی، خومەینی لە ساڵی ١٩٦٤ لە ئێران دوورخرابوویەوە و لە شاری نەجەف لە عێراق دەژیا، لە عێراق خومەینی کاریگەرێکی زۆری دروستکردبوو لە ناو خەڵکی شیعەی عێراقی و شیعەی وڵاتانی دیکەش بۆ دژایەتیکردنی حکوومەتی ئەوکاتەی ئێران کە هاوکات سەددام ڕێگای پێدابوو بۆ ئەو کارە. بەڵام دواتر بەهۆی هاندانی شیعەکانی عێراق لە دژی دەسەڵاتی سەددام هەروەها دروستبوونی لێکتێگەیشتن لەنێوان سەددام و دەسەڵاتی شاهانەی ئێران ئەوا سەددام لە ساڵی ١٩٧٨، بەوە ڕازی بوو کە خومەینی دووربخاتەوە بۆ فەرەنسا. ئەم کارە دواتر بە زیان شکایەوە بەوەی خومەینی گرنگیپێدانی زیاتری میدیایی وەرگرت و هەروەها توانی ڕابەرایەتی ژمارەیەکی زیاتر لە شیعەکانی جیهان بکات.

دوای گرتنە دەسەڵاتی ئێران لەلایەن خومەینی ئەوا ناکۆکی کەوتە نێوان عێراق و کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر دەسەڵاتگرتن بەسەر شەتەلعەرەب، کە لەو خاڵەدا سنووری ئێران و عێراق دابەشدەبن. لەوکاتەدا سەددام بۆ ڕای گشتی ڕایگەیاند کە ئەوە عێراقە دەیەوێت ناکۆکی نەکەوێتە نێوان ئەو دوو وڵاتە، و ئاشتی بۆ هەردوو وڵات گرنگە. بەڵام دواتر سەددام کۆبوونەوەیەکی کرد لەگەڵ سەلاح عومەر عەلی، نوێنەری عێراق لە نەتەوە یەکگرتووەکان، ناوبراو ڕایگەیاند کە سەددام دەیەوێت لە چەند مانگێکدا بەشێکی گەورە لە ئێران داگیر بکات (Douglas, 2003).

دواتر عێراق توانی ئێران داگیربکات، یەکەم هێرشی عێراق بۆسەر فڕۆکاخانەی نێودەوڵەتیی مێهرئاباد بوو لە تاران و دواتر توانی بچێتە ناو ناوچەی خووزستان کە ناوچەیەکی دەوڵەمەندە بە نەوت هەروەها کەمایەتی عەرەب تێیدا دەژین، سەددام لە ٢٢ی ئەیلوولی ١٩٨٠ ئەو پارێزگایەکی خستەسەر پارێزگاکانی عێراق. سەددام ئەم جەنگەی بە پاڵپشتییەکی گەورەی وڵاتانی عەرەب، ئەمریکا و ئەورووپا دەستپێکرد، هەروەها لەڕووی داراییەوە وڵاتانی خەلیج پاڵپشتییەکی گەورەیان لە عێراق کرد. سەددام وەک پارێزەری وڵاتانی عەرەب لەدژی شۆڕشی ئێران تەماشا دەکرا. تاکە دژایەتی ئەوا یەکێتیی سۆڤیەت بوون کە ڕەتیانکردەوە پاڵپشتی عێراق بکەن لەو جەنگەدا، سەرکردایەتی سۆڤیەت هۆکاری ئەوەیان بۆ مامەڵە خراپەکانی سەددام گەڕاندەوە لەگەڵ کۆمۆنیستەکانی عێراق. لەکاتی جەنگەکە، شکاندنی یاسا نێودەوڵەتییەکان پشتگوێ خرا لەسەر سنوور و دەسەڵاتەکان. هاوکات عێراق لەڕووی ئابووری و سەربازییەوە یارمەتی دەدرا لەلایەن هاوپەیمانەکانییەوە، کەدواتر بوونە هۆکارێکیش کە سەددام چەکی کیمیایی لەدژی کورد و ئێرانییەکان بەکاربهێنێت، هاوکات پاڵپشتی عێراقیش بوون لە دروستکردن و گەشەپێدانی چەکی ئەتۆمی (Hiltermann, 2007, p.183).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە ڕۆژانی یەکەمی جەنگەکە، شەڕێکی گەورە لەسەر بەندەرەکان دروستبوو ئەمەش دوای ئەوەی عێراق هێرشی کردە سەر ناوچەی خووزستان. دوای ئەوەی سەرەتا عێراق توانی چەند ناوچەیەک کۆنترۆڵ بکات، بەڵام دواتر تووشی لەدەستدانی چەندەها سەربازی بوویەوە کاتێک ڕووبەڕووی هێرشی شەپۆلی بوویەوە لەلایەن ئێرانییەکانەوە. لە ساڵی ١٩٨٢، عێراق تووشی شکست بوویەوە و لەدوای چەند ڕێگایەک دەگەڕا بۆ ئەوەی کۆتایی بەو جەنگە بهێنێت. (Karsh, 2002)

لەوکاتەدا، سەددام داوای لە وەزیرەکانی کرد کە بۆچوون و ڕاوێژکارییەکەیان پێشکەش بکەن. وەزیری تەندرووستی، دکتۆر ڕیاز ئیبراهیم پێشنیاری بۆ کابینەکەی سەددام کرد کە ئاشتی ڕابگەیەنێت و داوای دانووستاندنێکی ئاشتیانە بکات. لەسەرەتادا وا دەرکەوت کە سەددام ئەو پێشنیارەی قبووڵ کردووە، بەوەی سەددام کابینەکەی خۆی بە دیموکراسی دەزانی. دوای چەند حەفتەیەک، دکتۆر ئیبراهیم لە کارەکەی دوورخرایەوە ئەمەش دوای ئەوەی کە بەرپرسیارێتی خۆی هەڵگرت لە ڕووداوێکی هەڵەی پزیشکی لە نەخۆشخانەیەکی عێراقی کە تێیدا نەخۆشێک مرد بەهۆی پێدانی دەرمانی هەڵەوە. (Hilterman, 2007)

**٢.٤: پرۆسەی سیاسی لە عێراق دوای ٢٠٠٣**

جەی گارنەر وەک کارگێڕی مەدەنی کاتی دەستنیشانکرا لەگەڵ سێ جێگر، لەنێویاندا تیم کرۆس. گارنەر لە مانگی ئایاری ٢٠٠٣ لەلایەن پۆل بریمەرەوە جێگیرکرا، کە خۆی لە ١٩ی نیسانی ٢٠٠٤دا جۆن نێگرۆپۆنتی جێگەی گرتەوە، نێگرۆپۆنتی دوایین بەڕێوەبەری کاتی ئەمریکا بوو و لە ساڵی ٢٠٠٥ عێراقی بەجێهێشت، لە مانگی یەکی ساڵی ٢٠٠٥ هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەنجامدرا، دواتر داڕشتنی پەرلەمان و... پەسەندکردنی دەستوورێک و هەڵبژاردنی پەرلەمانی دیکە لە کانوونی دووەمی ٢٠٠٥، تیرۆر وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر گەلی عێراق سەریهەڵدا کە ماوەیەکی زۆر نەبوو دوای لەشکرکێشی ساڵی ٢٠٠٣، ئێستا قاعیدە ئامادەیی لەو وڵاتەدا هەبوو، لە شێوەی چەند گرووپێکی تیرۆریستی کە پێشتر ئەبو موساب زەرقاوی سەرۆکایەتیان دەکرد. ئال زەرقاوی ئیسلامییەکی چەکداری ئوردنی بوو، کەمپێکی مەشقی چەکدارانی لە ئەفغانستان بەڕێوە دەبرد. دوای چوونی بۆ عێراق و بەرپرسی زنجیرەیەک بۆردومان و سەربڕین و هێرش لە سەردەمی شەڕی عێراقدا ناسرا. ئەلزەرقاوی لە ٧ی حوزەیرانی ٢٠٠٦ کوژرا، هەروەها زۆرێک لە چەکدارانی بیانی و بەرپرسانی پێشووی پارتی بەعس

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پەیوەندییان بەو یاخیبوونەوە کرد، کە زیاتر ئامانجی هێرشکردنە سەر هێزە ئەمریکییەکان و عێراقییەکان بوو کە لەگەڵیان کاریان دەکرد. مەترسیدارترین ناوچەی یاخیبووان سێگۆشەی سوننە بوو، کە زۆربەیان ناوچەیەکی سوننە-موسڵمانە تەنها لە باکووری بەغدا (Gordon, 2006).

ساڵی ٢٠٠٣ وڵاتی عێراق قۆناغێکی نوێی لە مێژووی خۆیدا تۆمار کرد ئەویش دوای ئەوە لەلایە ئەمریکاوە بەهاوکاری ژمارەیەکی بەرچاو لە دەوڵەتە هاوپەیمانەکانی هێرشی کرایە سەر کە بووە هۆی کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی بەعس و سەرۆک کۆمارەکەی کە سەددام حوسێن بوو. ئەمریکا توانی بە ماوەی چەند مانگێک تەواوی عێراق کۆنترۆڵ بکات و هێزەکانی عێراق تیک بشکێنێت ئەم شەڕە بە چەند ناوێک ناوبانگی دەرکردووە لەوەنە (پرۆسەی ئازاد کردنی عێراق، جەنگی عێراق، جەنگی داگیرکردنی عێراق، رووخانی ڕژێمی بەعس) هەر دوای هێرشەکە بنەماڵەی سەدام ڕوویان لە ئوردن کرد سەددام و هەردوو کورەکەی لە عێراق خۆیان حەشاردا دواتر پۆل برێمەر بە حاکمی عێراق دانرا تا ساڵی ٢٠٠٤بڕیاری هەڵوەشانەوەی حیزبی بەعس و سەرجەم یەکە سەربازییەکانی دەرکرد. لە مانگی دوانزەی ساڵی ٢٠٠٣ سەددام لەناو چاڵیک کە لە نزیک گوندێکی ناوچەی تکریت بوو لەلایەن هێزێکی مارێزی ئەمریکا دەستگیرکرا ئەم دەستگیرکردنە بەشێوەیەکی زۆر بەرفراوان لەلایەن میدیا جیهانی و عەرەبی و ناوخۆییەکان بڵاوکرایەوە و دەنگدانەوەی هەبوو دوای چەندین دادگایی دواجار لە یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان لە ساڵی ٢٠٠٦ حوکمی لە سێدارەدانی بۆ درەچوو و پاشان لە سێدارەدرا (Gray and Gran, 2017, p.408)

لەڕۆژی ٣٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ بەڕێوەچوو، لەهەمان ڕۆژدا هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەچوو. ئەم هەڵبژاردنە بۆ درووستکردنی حکوومەتێکی ئینتقالی بوو، ٢٧٥ ئەندام مافی ئەوەیان پێدرا کە لەنووسینەوە دەستوورێکی نوێ بۆ عێراق بەشداربن لەدوای دەستێوەردانی دەرەکی و لابردنی دەسەڵاتەکانی سەددام حوسەین. هاوپەیمانی عێراقی یەکگرتوو بەڕێبەرایەتی گەورە مەرجەعی شیعەی عێراقی عەلی سیستانی زۆرینەی دەنگەکان بەرێژەی ٤٨٪ بەدەستهێنا، هاوپەیمانیی نیشتمانیی کوردستان بەپلەی دووەم توانی ٢٦٪ ڕێژەی دەنگەکان بەدەستبهێنێت، هەروەها لیستی عێراقی بەسەرکردایەتی ئەیاد عەلاوی ڕێژەی ١٤٪ دەنگەکانیان بەدەستهێنا. لەکۆی گشتی ١٢ حیزب توانیان کورسی پەرلەمان بەدەستبهێنن. ڕێژەی بەشداریکردنی سوننەی عەرەب کەمبوو لەم هەڵبژاردنەدا، لە پارێزگای ئەنبار تەنیا ٢٪ خەڵک بەشداربوون لەکاتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەڵبژاردنەکە زیاتر لە ١٠٠ هێرشی چەکداری ڕوویدا، بەلانی کەم ٤٤ کەس کووژران کە نۆ کەسی خۆکووژبوون بە بۆمب، لەنێو قوربانییەکان ٢٠ کەس لە بەغدای پایتەخت بوون (Turner, 2019).
ساڵی ٢٠٠٥ بە شێوەیەکی کاتی غازی یاوەر بووە سەرۆک کۆمار عێراق تاکاتی هەڵبژاردنەکان پاشان بە هەڵبژاردنێکی ڕاستەوخۆ جەلال تاڵەبانی بە شێوەیەکی ڕەسمی بووە سەرۆک کۆماری عێراق ئەمەش یەکەم جار بوو لە مێژوودا کوردێک ببێت بە سەرۆک کۆمار تا ساڵی ٢٠١٤ لە پۆستەکەی مایەوە بەڵام بەهۆی نەخۆش کەوتنی دەستی لەکار کێشایەوە (Ahmed, 2014).

## ٥. لێکەوتەکانی یان کاریگەریەکانی ئاینزا و تایفەگەری لەسەر پرۆسەی سیاسی عێراق

### ١.٥: لێکەوتە سیاسیەکان: قوڵبوونەوەی ناکۆکیەکان ودوورکەوتنەوەی نێوان لایەنەکان

ناکۆکی سیاسی نێوان لایەن وحزبەکانی عێراق مێژوویەکی دێرینی هەیە، بە جۆرێک جگە لە ناکۆکی وگرژی نێوان شیعە وسوونە کە دوو پێکهێنەری سەرەکی حوکمڕانین، لە هەمان کاتدا لەنێوخۆی شیعە ولەنێوخۆی سوونەش بەردەوام گرژی وناکۆکی هەبووە، ئەوە جگە لە ناکۆکیەکانی نێوان کورد وکورد لەگەڵ یەکتر وکورد وعەرەب ونەتەوەکانی دیکەش.
عێراق لەناو ماڵی شیعە بەردەوام کێشە وململانێی بەردەوام هەیە، لەم ساڵانەی دواییدا ململانێی دوو ڕەوتی سەرەکی شیعە کە هەریەک لە نووری مالیکی وسەید موقتەدا سەدرن بەتەواوی ڕەگی داکوتاوە وکێشەی بەردەوام لەنێوانیاندا هەیە، سەدر لە ئێستادا لە کایەی سیاسی عێراقدا ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە بەجۆرێک زۆرجار خۆپیشاندانی ملیۆنی لەنێو بەغدای پایتەخت ساز دەکات وخەڵکی عێراق بە شەو ڕۆژ شەقامەکانی بەغدا داگیردەکەن.
موقتەدا سەدر لە ئابی 1973 لە شاری نەجەف لەدایکبووە، چوارەمین کوڕی (محەمەد محەمەدسادق سەدر) ە، ئەو پیاوەی کە لەسەردەمی خۆیدا بەشێوەیەکی ئاشکرا رەخنەی توندی لە سەددام حسێن وحزبی بەعس دەگرت، موقتەدا سەدر سێ برای هەیە بەناوەکانی (موستەفا-موئمیل-مورتەزا)، بەڵام ئێستا تەنیا (مورتەزا) لە ژیاندا ماوە، موقتەدا هاوسەرگیری لەگەڵ کچی مامی خۆی کردووە، واتە کچی (محەمەد باقر سەدر) ی دامەزرێنەری حزبی دەعوەی ئیسلامی کە لەلایەن سەددام حسێنەوە کوژرا، سەدر منداڵی نییە (Khoury, 2018).

موقتەدا لە حەوزەی عیلمی نەجەف لەژێر دەستی باوکی و (محەمەد کەلانتەر ومحەمەد جەواهیری) خوێندویەتی و لەو سەردەمەی کە باوکی لەژیاندا بووە سەرپەرشتی زانکۆی ئاینی سەدری کردووە و بەرپرسیارێتی لیژنەی حقوقی شەرعی گرتوەتە ئەستۆ کە سەربە نوسینگەکەی باوکی بووە هەروەها چاودێری پرۆسەی لەچاپدانی کتێبەکانی کردووە و هاوکات سەرنوسەری گۆڤاری (الهدی) بووە (Babak, 2008).

لە دوای راپەڕینی (شەعبانیە)ی شیعەکان لەدژی رژێمی سەددام لە ساڵی 1991، موقتەدا لەگەڵ باوك وبراکانیدا دەستگیرکراوە، پاش تیرۆرکردنی سەید محەمەد سەدری باوکی، سەرکردایەتی جولانەوەیەکی یاخیبوانەی کردووە لەدژی رژێمی بەعس، جوڵانەوەکەی ژمارەیەك هێرشی لەدژی هێزەکانی رژێمی بەعس ئەنجامدا، ئەو جولانەوەیە دواتر ناوی لێنرا "راپەڕینی 1999".

موقتەدا لەڕووی خوێندنی ئاینییەوە پلەی (حجه الاسلام) لە حەوزەی عیلمی قوم بەدەستهێناوە وئێستا دەخوێنێت بۆئەوەی بە پلەی (المجتهد) بگات، لەدوای روخانی رژێمی پێشووی عێراق لەلایەن ئەمریکا وهاوپەیمانەکانییەوە لە ساڵی 2003، ناوی موقتەدا درەوشایەوە، ئەوەش کاتێك بوو دژایەتی بونی سوپای ئەمریکای کرد لە عێراق.

لەو ساڵانەدا موقتەدا هاوشێوەی باوکی وتاری نوێژی هەینی مزگەوتی کوفەی کردبوو بە مینبەری دژایەتیکردنی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، لە یەکێك لە وتارەکانیدا لەو مزگەوتە موقتەدا هەواڵی پێکهێنانی سوپای (مەهدی) راگەیاند ولە ساڵی 2004دا چووە شەڕی چەکدارییەوە لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکا.

سەرەتای تەقینەوەی شەڕی لایەنگرانی سەدر لەگەڵ سوپای ئەمریکا ئەو کاتەبوو کە پۆل بریمەر حاکمی مەدەنی ئەمریکا لە عێراق فەرمانیدا بە داخستنی رۆژنامەی (الحوزە)ی سەربە سەدر، ئەو بڕیارە نیگەرانی لێکەوتەوە ولایەنگرانی سەدر خۆپیشاندانیان کرد، هێزەکانی هاوپەیمانان بە چەك روبەڕوی خۆپیشاندانەکان بوونەوە (Cockburn, 2008).

**٢.٥: شوناسی نەتەوەیی و نەتەوەسازی:**

شوناس پەیوەندی راستەوخۆی بە تێگەیشتنی خەڵکەوە هەیە کە "کێن" و " چین" وچ شتێکیان بۆ گرنگە. ئەم تێگەیشتنەش گرێدراوی کۆمەڵێک سیفات وتایبەتمەندییە کە ئەبێتە هۆی ئەوەی کە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کەسێک لە کەسێکی تر، کۆمەڵێک لە کۆمەڵێکی ترو نەتەوەیەک لە نەتەوەیەکی تر جیاواز بێت. ئەم تایبەتمەندی وسیفاتانە ئەتوانن ماددی، مەعنەویی ودەروونی بن، لەراستیدا شوناس وەک ناسنامەی کەسێک یان کۆمەڵێک وایە کەلە کەسانی ترو کۆمەڵی ترجیای ئەکاتەوە. رێکخراوی یۆنێسکۆیش پێی وایە کە شوناس کاکڵەی سەرەکی کەسایەتی تاک وکۆمەڵە، کە کردارو رەفتارو بڕیارەسەرەکییەکانی تاک یان کۆمەڵ (قەوم، نەتەوە) پێکدێنێت. (Hetcher, 2000)

ئەگەر بەوردی سەرنج بدەینە ئەوپێناسانەی کە بۆ شوناس کراوە کۆمەڵێک خاڵی هاوبەشی تیا ئەبینین: یەکەم ئەوەی کە لە هەناوی شوناس دا پەیوەندییەک هەیە، یانێ ئەوکاتەی باسی خۆت ئەکەی هاوکات بیرلەوش ئەکەیتەوە کە لەکەسێکی تر ناچیت وجیاوازیت (Garner, 2014).

جنکینز ئەڵێت، شوناس هاوکات لێکچوون وجیاوازی لە نێوان تاکەکاندا یان لەنێوان کۆمەڵەکاندا دروست ئەکات. لەراستیدا دەرکەوتنی شوناس لەسەرهەڵدانی دوو سیفەتی لێکچوون وجیاوازی لە نێوان خۆت وئەوی تردایە. واتا کاتێ کەسێک ئەڵێت من ئەو کەسەم، لەوبنەماڵەیەم، لەونەتەوەیەم، هاوکات باس لەوەش ئەکات کە من لەگەل ئەم ولەگەل ئەو وئەوانی دیکەش جیاوازم. (Smith, 1991)

دووەم ئەوەی کە، شوناس جۆرێک ناسینی خۆ، ناسینی کۆمەڵ، کۆمەڵگا، کولتوورو مێژوو ئەخاتەڕوو کە تاکەکان لە پرۆسەی کۆمەڵایەتی بوونداو لەهەڵسوکەوت وپەیوەندی لەگەل کەسانی دیکە یان کۆمەڵی دیکەدا بە دەستیان هێناوە. واتا کاتێ کەسێک ئەڵێت من ئەو کەسەم و ئەوی تر نیم لە راستیدا ئەم وەڵامانە رەنگدانەوەی هەل و مەرجێکی کۆمەڵایەتییە کە کەسەکە تیایدا فێری ژیانی کۆمەڵایەتی بووە. (Garner, 2014).

## ٦. دەرئەنجام:

لەمیانەی توێژینەوەکە گەیشتین بەم ئەنجامانە:

مێژووی سەرهەڵدانی ململانێی مەزهەبی لەنێو عێراقدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی یەکجار دێرین و کۆن بەڵام کاریگەریەکانی بە ڕادەیەکن کە تاوەکو ئێستاش لەنێو پرۆسەی سیاسی عێراقدا بەتەواوی دیارە و ئەو ململانێ مەزهەبیانە بەتەواوی پەلی هاوێشتووە بۆ تەواوی جومگەکانی بەڕێوەبردن و هەر لایەنێک لەلای خۆیەوە هەوڵیداوە بە بەکارهێنانی سۆزی مەزهەبی هەستی خەڵکی بۆ لای خۆی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕابکێشێت و ویستوویانە زۆرترین جەماوەر و پاڵپشتی خەڵکی لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە بە سوود وەرگرتن لە بابەتی مەزهەبی و ئایینی.

عێراق هەمیشە هەژموونی مەزهەبی شیعە و سوننەی بە ڕێژەی جیاواز بەسەر زاڵبووە و هۆکاری سەرەکی کێشەکانی عێراق بوونی ململانێی نێوان هەردوو مەزهەبی سەرەکی بووە کە عێراق هەرگیز سەقامگیری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بەخۆیەوە نەدیوە و وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ و سەروەر لە بڕیاردا هەڵسوکەوتی نەکردووە، جگە لەوە بوونی چەندین نەتەوەی جیاوازە لە عێراق کە سەرەکی ترینیان عەرەب و کوردن کە ئەو دووانە پێکهێنەری سەرەکی کایە جیاوازەکانی دەوڵەتی عێراقن و ئەو دوو نەتەوەیە هەردەم لە ناکۆکی هزری و سیاسی و نەتەوەیی بەردەوامدابوونە و زۆر کەم هەبووە کە ئاشتەوایی لەنێوانیاندا هەبێت ئەمەش وایکردووە کوردەکان زۆرجار بیری سەربەخۆبوون و جیابوونەوەیان لە لا درووست بێت کە بینە دەوڵەتێکی سەربەخۆ کە ئەمەش زۆرجار کێشەی خستۆ تەبەردەم بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق.

بوونی چەندین نەتەوەی جیاواز و ئایین و مەزهەبی جیاواز لە دەوڵەتی عێراق هۆکاری سەرەکی کێشە و ململانێ و ناکۆکیە سیاسیەکانی نێوان لایەنە و پارتە سیاسیەکانن و هەمیشە یەکتر تۆمەتبار دەکەن بە جارِدانی بیری نەتەوەیی یان ئایین و مەزهەب پەرستی لە یەکلایکردنەوەی ئەو مژارانەی کەوا پەیوەندیدارن بە شێوازی حوکمڕانی و بەڕێوەبردنی دەوڵەت لە سۆنگە و گۆشە نیگای جیاوازەوە.

## سەرچاوەکان:

### سەرچاوە بە زمانی عەرەبی:

**یەکەم: کتێب**

1. د. اسماعيل صبرى مقلد، (١٩٨٤)، العلاقات السياسية الدولية. قاهرة، مصر: المكتبة الأكاديمية.
2. د. وجيه قانصو، (٢٠١٨)، الدولة الحديثة: الآخصائص والوظائف، لبنان، بيروت: Conrad Adenauer Stiftung
3. محمد الحيدري، (1998)، المقومات الاساسية للبنية الشيعية في العراق: بغداد، العراق: بنك المعلومات العراقي.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

4. أحمد عطية الله، القاموس الإسلامي، القاهرة، 1966، مادة هارون الرشيد.
5. جعفر السجاني، دور الشـيعة في بناء الحضارة الإسلامية
6. يحيي بن شرف أبو زكريا النووي (1416 هـ/ 1996م) .*شرح النووي على صحيح مسلم كتاب الإمارة باب وجوب طاعة الأمراء في غير معصية وتحريمها في المعصية، حديث رقم : (1834).*دار الخير.

**سەرچاوە بە زمانی ئینگلیزی**

**یەکەم: کتێب**

7. *Kanchan Ch., (2012), Constructivist theories of ethnic politics. New York, USA: Oxford University Press.*
8. *Esposito, J., 2002, What Everyone Needs to Know about Islam. New York, USA: Oxford University Press.*
9. *Patricia Hogwood and Geoffrey Roberts, (1997), European Politics Today. Manchester, UK: Manchester University Press.*
10. *Linda P, B, (2017), The Politics of Negotiation: America's Dealings with Allies, Adversaries, and Friends. Chapel Hill, USA: University of North Carolina Press.*
11. *John L. E., ed., (2014), "Sunni Islam." In The Islamic World: Past and Present. The Oxford Dictionary of Islamic studirs. Oxford, UK: Oxford University Press.*
12. *Hiltermann, J. R, (2007), A Poisonous Affair: America, Iraq, and the Gassing of Halabja. Cambridge, UK: Cambridge University Press.*
13. *Cockburn, P. ,(2008), Muqtada Al-Sadr and the Battle for the Future of Iraq. Simon and Schuster. New York, USA: Scribner*
14. *Gray, J.D., Garn, P.G., (2017), WARBOATS 55 Years of Naval Special Warfare Combatant Craft History. Blossom Books.*
15. *Turner, B. (2019) The Statesman's Yearbook 2006: The Politics, Cultures and Economies of the World. New York, USA: Palgrave MacMillan.*
16. *Zanko A., (2014), Mourning the Magic Man — Ex-President Talabani Returns to Iraq Diminished.*
17. *Garner, B. A., (2014), "nation". Black's Law Dictionary ,(10th ed.). Eagan, USA: Thomson West.*
18. *Smith, Anthony D. (1991). The Ethnic Origins of Nations. Wiley.*
19. *Hechter, Michael (2000). Containing Nationalism. Oxford University Press.*
20. *Hunt, Courtney (2005). The History of Iraq. Westport, CT: Greenwood Press.*

21. Eppel, Michael (1998). "The Elite, the Effendiyya, and the Growth of Nationalism and Pan-Arabism in Hashemite Iraq, 1921–1958".
22. Karsh, Efraim (2002). The Iran–Iraq War: 1980–1988. Osprey Publishing.
23. Karsh, Efraim; Rautsi, Inari (2002). Saddam Hussein: A Political Biography
24. Leftwich, Adrian (2015). What is politics? : the activity and its study. Polity Press.
25. Hague, Rod; Harrop, Martin (2013). Comparative Government and Politics: An Introduction. Macmillan International Higher Education.
26. Brady, Linda P. (2017). The Politics of Negotiation: America's Dealings with Allies, Adversaries, and Friends. University of North Carolina Press.
27. Taylor, Steven L. (2012). 30-Second Politics: The 50 most thought-provoking ideas in politics, each explained in half a minute. Icon Books Limited.
28. Warner, Daniel (1991). An Ethic of Responsibility in International Relations. Boulder, Colorado: Lynne Rienner Publishers.

**دووەم: گۆڤاری زانستی**

29. Ronald, C., (1978), Ethnicity” Problem and Focus in Anthropology, Annual Review of Anthropology, 7, 379–403.
30. Palonen, Kari (January 2011). "The State as a 'Chance' Concept: Max Weber's De-substantialisation and Neutralisation of the Concept". Max Weber Studies. **11** (1)
31. Douglas, A. B., (2003), Inverse Engagement: Lessons from U.S.-Iraq Relations, 1982–1990. Parameters, 33,2, PP.51-65 doi:10.55540/0031-1723.2145.

**سێیەم: سەرچاوەی ئەلیکترۆنی**

32. Olawuyi, T., (2012), On the Khilafah of Ali over Abu Bakr. Retrieved from https://www.al-islam.org/printpdf/book/export/html/30943 (Accesed 15-1-2023).
33. Gordon, M. R.; Mazzetti, M.; Shanker, Th., (Aug. 17, 2006), "Bombs Aimed at G.I.'s in Iraq. Retrieved from: https://www.nytimes.com/2006/08/17/world/middleeast/17military.html (Accesed 10-12-2022).
34. Khoury, N., (2018, May, 16), Iraq:the reinvention of Muqtada al-Sadr. Retrieved from: https://www.atlanticcouncil.org/blogs/menasource/iraq-the-reinvention-of-muqtada-al-sadr/ (Accesed 13-1-2023).
35. Babak, D., (2008, Jan, 28), The Great Muqtada Makeover. Retrieved from: https://www.newsweek.com/ (Accesed 10-1-2023).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print) :ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی

# The emergence and status of religious doctrines and sectarianism in Iraq

**Viyan Abubakir Yasin**
Department of politics and International Relations, College of law political Science and administration, University of Soran, Erbil, Kurdistan region, Iraq.
Email: Viyan.abubakir@gmail.com

**Dr. Shukr Abubakir Aziz**
Department of politics and International Relations, College of law political Science and administration, University of Soran, Erbil, Kurdistan region, Iraq.
Email: shokr.abobeker@soran.edu.iq

***Keywords***: *Iraq, Relegion Conflet, Sectarianism, Political process, State.*

## Abstract
This research (The emergence and status of religious doctrines and sectarianism in Iraq) intensively discusses the political situation in Iraq amidst religious and sectarian conflicts and discusses the way of governing Iraq amidst the conflicts that have plagued the country in the past two decades in general As a result, the researcher concluded that the political process and statehood in Iraq is constantly in constant conflict and the presence of several different nationalities and several different religious sects are the main source of the problems faced by this country.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# نشوء ومكانة المذاهب والطائفية في العراق

**الملخص**

تناقش البحث (نشوء ومكانة المذاهب والطائفية في العراق) بشكل مكثف الوضع السياسي في العراق وسط الصراعات الدينية والمذهبية ، وتناقش طريقة حكم العراق في ظل الصراعات التي عصفت بالبلاد في العقدين الماضيين بشكل عام. وخلصت الباحثة إلى أن العملية السياسية والدولة في العراق في حالة صراع دائم ، وأن وجود عدة جنسيات مختلفة وعدة طوائف دينية مختلفة هو المصدر الرئيسي للمشاكل التي يواجهها هذا البلد.